# لە ڕۆژی جومعەدا، فریشتەکان لە لای دەرگای مزگەوت ڕادەوەستن ناوی ئەوانە دەنووسن کە دێنە نێو مزگەوتەوە بە پێی ڕێزبەندی هاتنیان

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «لە ڕۆژی جومعەدا، فریشتەکان لە لای دەرگای مزگەوت ڕادەوەستن ناوی ئەوانە دەنووسن کە دێنە نێو مزگەوتەوە بە پێی ڕێزبەندی هاتنیان، نمونەی ئەو کەسەی زوو دێت بۆ مزگەوت وەکو ئەو کەسە وایە کە وشترێک دەکاتە قوربانی، ئەوەی لە ماوەیەکی دەنگتر دێت لەوەی پێشووتر وەکو نمونەی ئەو کەسە وایە کە مانگایەک دەکاتە قوربانی، وئەوەی لە ماوەیەکی درەنگتر دێت لەوەی پێشووتر وەکو نمونەی ئەو کەسە وایە کە بەرانێک دەکاتە قوربانی، وئەوەی لە ماوەیەکی درەنگتر دێت لەوەی پێشووتر وەکو نمونەی ئەو کەسە وایە کە مریشکێک دەبەخشێت، وئەوەی لە ماوەیەکی درەنگتر دێت لەوەی پێشووتر وەکو نمونەی ئەو کەسە وایە کە هێلکەیەک دەبەخشێت، ئەگەر ئیمام (وتاربێژ) دەرچوو؛ ئەوا (فریشتەکان) تۆمارەکە دەپێچنەوە ودادەنیشتن گوێ بۆ وتارەکە دەگرن».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

فریشتەکان دەوەستن لە لای دەرگاکانی مزگەوت لە ڕۆژی جومعەدا، ئەوانەی دێنە ناو مزگەوت بۆ ئەنجامدانی نوێژی هەینی یەک لە دوای یەک ناویان دەنووسن، وئەوەی زوو بچێت بۆ مزگەوت پاداشتی وەکو پاداشتی ئەو کەسە وایە کە وشترێک دەکاتە قوربانی بۆ نزیکبوونەوە لە خوای گەورە -سبحانە وتعالی-، وئەوەی لە ماوەیەکی درەنگتر دێت لەوەی پێشتر پاداشتی وەکو پاداشتی ئەو کەسە وایە کە مانگایەک دەکاتە قوربانی بۆ نزیکبوونەوە لە خوای گەورە -سبحانە وتعالی-، وئەوەی لە ماوەیەکی درەنگتر دێت لەوەی پێشتر پاداشتی وەکو پاداشتی ئەو کەسە وایە کە بەرانێک دەکاتە قوربانی بۆ نزیکبوونەوە لە خوای گەورە -سبحانە وتعالی-، وئەوەی لە ماوەیەکی درەنگتر دێت لەوەی پێشتر پاداشتی وەکو پاداشتی ئەو کەسە وایە کە مریشکێک دەبەخشێت بۆ نزیکبوونەوە لە خوای گەورە -سبحانە وتعالی-، وئەوەی لە ماوەیەکی درەنگتر دێت لەوەی پێشتر پاداشتی وەکو پاداشتی ئەو کەسە وایە کە هێلکەیەک دەبەخشێت بۆ نزیکبوونەوە لە خوای گەورە -سبحانە وتعالی-، ئەگەر ئیمام (وتاربێژ) چووە سەر مینبەر وسەلامیکرد بۆ ئەوەی وتار بدات، فریشتەکان ئەو کتێبانە دادەخەن کە ناوی خەڵکە هاتووەکانی تێدا نووسراوە، وپاداشتی ئامادەبووانی وتار ونوێژی هەینی بە پێی پلەی زوو هاتنیانە بۆ مزگەوت وئەوەی زووتر بێت پاداشتی زیاترە لەگەڵ جێبەجێکردنی سونەتەکانی تریش کە لە فەرمووەی تردا باسکراوە، وپاشان فریشتەکان دادەنیشتن وگوێ لە وتارەکە دەگرن لەگەڵ خەڵکیدا.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10551